میرۆسلاڤ زیکموند و ژیری هانزێلکا

# کوردستان

**وڵاتی ڕاپەڕین و ئەفسانە و هیوا**

میرۆسلاڤ زیکموند و ژیری هانزێلکا

# کوردستان

## وڵاتی ڕاپەڕین و ئەفسانە و هیوا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
**فەرهاد شاکەلی**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

میرۆسلاڤ زیكموند و ژیری هانزێلكا
كوردستان وڵاتی ڕاپەڕین و ئەفسانە و هیوا
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فەرهاد شاكەلی
كتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٩١
چاپی یەكەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٥٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٥٦٣ - ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەكرەم

ژپنك:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی كتێب
ISBN: 978-91-979170-7-0

# کوردستان، وڵاتی ڕاپەڕین و ئەفسانە و هیوا

دەڵێن هیوا دواشتێکە پیاو لە دەستی دەدات. هەرچۆنێ بێت ئەمە لەبارەی نەتەوەکانەوە ڕاست دەرناچێ، بە لای کەمەوە لەبارەی نەتەوەی کوردەوە. لەوەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان، یەکێك بیەوێ لە ئاسیادا نەتەوەیەك بدۆزێتەوە کە لە کورد زۆرتر ڕاپەڕیبێتن و دەستیان دابێتە چەك. بەڵام لەم سەدەی خێرایی و لەزکردنەی ئێمەدا، مەگەر یەکێ کاتی ئەوەی هەبێت بە دوای شتی بێئەنجامدا بگەڕێ، بیەوێ ئەرکی وا وە ئەستۆ بگرێت.

کورد لە بوارێکی دیکەیشدا هەر لە پێشەوەن... دە با هەڵکەوتنی ئاوا بدرایە بە نەتەوەیەك کە ئازایی و جەنگاوەریی کەمتر لە خوێندا ببووایە، نەك میواندۆستیی ئاوا بەهێز، نەك هەستی ئاوا بەرزی هاوڕێتی و ناوبانگی پیاوانە. کورد هەرچی ڕاپەڕینێکیان دەست پێ کردووە، تێیدا شکاون. لە پاش هەموو شکانێك کوردستان دەبێتەماڵی مردووان، ئەمەیش گەلێ جاران ڕوو دەدات. ساتی وا هەیە کە نەتەوەکە تێکڕا هیوا لە دەست دەدەن... بەڵام هەموو شت لە دەست نادەن، چونکە ئەفسانەیان هەر هەن، ئەفسانەیش دەبێتە سەرچاوەی تازە بۆ ژیان، وەك کانییەك کە ئاوی ڕوون و سازگاری لێ هەڵدەقوڵێت.

کورد کاراکتەرێکی تایبەتی خۆیان هەیە؛ دەتوانن بیرکردنەوەی خۆیان بلکێنن بە ئەفسانەوە. کاتێ ڕۆژ ڕوو لە خراپییە و سەری دنیا دێتە یەك، ئەوان توند دەست بە ئەفسانەوە دەگرن، وەك چۆن یەکێك لە خنکاندا بێت دەست بۆ پووشێکیش دەبات. کاتێ کە ئێش و ژانیش بە سەر دەچێت و دادەمرکێتەوە، لەنێو ئەفسانەکانیاندا لە لەنگەرێك دەگەڕێن بۆ ئەوەی خەونی سەرکەوتن لایا بگیرسێتەوە.

کورد گەلێ جار هیوایان لە دەست داوە، بەڵام دوا شتێ بەرگەی لەدەستچوونی گرتبێت، ئەفسانەکانیانن. ڕەنگە ئەمە وەکو قسەیەکی نارێك بێتە بەر گوێ، بەڵام کوردستان ئاوایە: کاتێ لە چیاکانی پشت چوار سنوورەکەوە ئەفسانەی کۆن و بەساڵاچوو بەش نەکەن، کوردەکان هیی تازەکوورە چێ دەکەن؛ ئەفسانەی مۆدێرن بە کات و سەردەمی ڕانەبردوو و تەنانەت داهاتوویشەوە.

هەر کەسێك ئەگەر بە لای کەمەوە تاکە جارێك چوارمشقی لەبەر ڕووناکیی چرایەکدا، لەژێر زنجێکی ئەو چیای سەرووی ڕەواندزەدا دابنیشێت، کە شەو دادێ بیرەوەریی گەلی شاخاویی کوردی لە بەردەمدا بێت، دەزانێ کۆنە ئەفسانەیەك بەم وشانە دەست پێ دەکات: "... ڕۆژێ لە ڕۆژان... سلێمان پاشا پێنجسەد جنۆکەی گەنجی بانگ کرد و فەرمانی بۆ دەرکردن کە بە دوای هەتاودا، ڕووەو خۆرنشین هەڵفڕن و تا جوانترین پێنجسەد کیژی ئەو سەرووی ئەورووپایە پەیدا نەکەن، نەگەڕێنەوە.

جنۆکەکان لێیان دا، ڕۆیشتن و ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ گەڕان، تا توانییان پێنجسەد کیژۆڵە هەڵبژێرن. کیژۆڵەی هێندە جوان و لەبار و شۆخ و نازەنین، دەتگوت مانگی چواردەی شەوێکی جۆزەردانن. بەڵام پێش ئەوەی بە باڵەفڕێ، بە خۆیان و کیژە ناسك و نازدارەکانەوە بگەڕێنەوە کۆشك و سەرای شایانە، سلێمان پاشا بەو ڕێگەیەدا کە دەبێ هەموومانی پێدا بچین، ڕۆیشتبوو. لەبەر ئەوەی جنۆکەکان کیژەکانیان بە دڵ بوون، کردنیان بە ژنی خۆیان. لەم ژن و ژنخوازییە گەلێ منداڵی جوان و ئێسکسووك کەوتنەوە. لەو منداڵانەیش زارۆکی دیکە پەیدا بوون... نەتەوەی کورد ئا بەو جۆرە پەیدا بوو".

هەمیشە لەنێو گوێگران و دانیشتواندا یەکێکی قۆشمە هەر هەیە کە حەزی لە گاڵتەکردن بێت. هەر کە چیرۆکەکە دەبڕێتەوە، دەڵێ: "هیی ئەوەیە ئێمەی کورد وا قۆزین." بەڵام لەو ئەفسانە میللی و بەناوبانگەدا، گاڵتە و حەنەك بە دی ناکەیت. ئەمە تراژیدیای هەزارساڵەی خەبات و مێژووە، چیرۆکی زوحاك پاشای بەدفەساڵ و نالەبار دەگێڕێتەوە (ناوەکەی دیکەی ئەژدەهاکە، یانیش بیناراسەپ)، کە دەگەڵ گیانی خراپە و شەیتاندا دەستی تێکەڵ کرد. لەسەر هەر شانێکی مارێکی گەورە پەیدا بوو. هەموو ڕۆژێك، بەیانی زوو، دەبووایە دەست و پێوەندی پاشا مێشکی منداڵێك بکەنە خۆراکی هەر یەکێك لەو دوو دەعبایە. بەڵام دوای ماوەیەك کە بۆیان دەرکەوت پاشا ئاگای لە هیچ نییە، یەکێ لە دوو منداڵەکەیان گل دەدایەوە و لە جیاتی مێشکی ئەو مێشکی گوێرەکەیان بۆ پاشا دەبرد. منداڵە ساغەکانیان لەو چیا سەرکەشانە شاردەوە و دەڵێن ئەو منداڵانە بوون بەم نەتەوەی کوردە. ئەوە دووەمین گێڕانەوەیە لەنێو کۆمەڵێ گێڕانەوەدا، بەڵام وەکو چیرۆکی دڵڕاکێشی جنۆکەکانی سلێمان بە شادی تەواو نابێت.

"لە وڵاتی پاشانشینی بیناراسەپدا، ئاسنگەرێك دەژیا، نێوی کاوە بوو"، ئەمە کەریم زەندی بۆی گێڕاینەوە، کە لە سلێمانی مامۆستایە و کتێبێکی مێژووی بۆ خوێندنگە نووسیوە. لەسەرخۆ قسەی دەکرد، هیچ کەسێ لەم جیهانەدا ناتوانێ ئەم ڕاستییە بخاتە درۆوە کە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر، ئەفسانە نەبووە، بەڵکە ڕاستییەکی مێژوویی بووە، ڕاستییەکی بێ پێچ و پەنا.

چاوی دەبریسکانەوە و گۆنای سوور هەڵدەگەڕان کە چیرۆکی یەکەم ڕاپەڕینی لە مێژووی کورددا دەگێڕایەوە: "هەر نۆ منداڵەکەی کاوەی ئاسنگەریان برد. یەك لە دوای یەك بوون بە قوربانیی پاشای دڕندە. کاتێ کاوە دوا منداڵی خۆی لە دەست دا و ئیدی هیی دیکەی نەمابوو لە دەستی بدات، بەروانکە چەرمەکەی لە بەر خۆی داماڵی و کردی بە نووکی دارێکەوە و وەك ئاڵا هەڵیکرد. خەڵکەکەی بانگ کرد بۆ گردی (کەلی کەوە) و هەموو وێکڕا هێرشیان بردە سەر کۆشکی پاشا. پاسەوانەکانیان کوشت و شوورە و سەنگەرەکانیان ڕووخاند و کاوە خۆی بە چەکوشی ئاسنگەرییەکەی پاشای کوشت. ئەمە لە ڕۆژی بەناوبانگی بیستویەکی مارتدا، شەشسەد و دوانزدە ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا ڕووی دا."

مامۆستا مێژووەکەی وەك (تەرەقە) بۆ دوایی هێشتبووەوە. مێژوو دەبێ ڕۆژی دیاریکراوی هەبێت. مێژووی ڕێکوپێك و بێ ئەملاوئەولا هەمیشە وەك مەتاڵێکە لە ڕووی گوماندا. بەڵام بیستویەکی مارت نیشانەیەکی زۆر دیار و لەبەرچاوە و لە چیرۆکی نێو خەڵکیدا، لە هەموو شوێنێك، تەنانەت لە ئەوپەڕی باکووریش، لە وڵاتانی سکاندیناڤیایش، هەر هەیە. ئەمە ڕۆژی یەکسانبوونی شەو و ڕۆژە لە بەهاردا. لەو ڕۆژەدا، تەنانەت لە گوندەکانی چێك و سلۆڤاکیش، کچان وێنەیەکی مۆرانا، نیشانەی زڤستانی خراپ، لە ڕووبار و گۆلەکاندا نوقم دەکەن و بە دەم گۆرانیچڕینەوە پێشوازی لە گەڕانەوەی بەهار دەکەن.

خۆش ئەوەیە، ئەو ڕاپەڕینە ئەفسانەییەی کاوەی ئاسنگەر سەرکردایەتیی کرد، دەگوترێ ساڵی ٦١٢ی پێش زایین ڕووی داوە، هەر ئەو ساڵەی کە لە داوێنی چیاکانی کوردستان، (نەینەوا) خۆی دا بە دەستی دوژمنانیەوە. کالداییەکان لە بابیلەوە

و میدییەکان لە باکوورەوە، لەو ساڵەدا، ئاشوورییەکانیان شکاند و بناغەی ئیمپراتۆریی بابیلی نوێیان دانا...

″باشە، چاوت لێیە؟ من پێم گوتیت. ئەوە بەڵگەیەکە کە شتەکە ئەفسانە نییە.″ مامۆستا کەریم زەندی کە باسی ڕووخانی نەینەوامان کرد، گەشایەوە، ″ئەوە ئاشکرایە کە ئێمەی کورد نەوەی مادەکانین،--ئەمە سێیەمین گێرانەوە بوو لەبارەی بنەچەی کوردانەوە--، کاوەیش، بێگومان، سەرکردەی ڕاپەڕینی مادەکان بوو دژی نەینەوا.″

لەوەیە ئێمە سەد جاران گومانمان هەبێت، بەڵام کوردەکان باوەڕی کوتومتیان بەمەیە. بیستویەکی مارت، بیرەوەریی یەکەمین ڕاپەڕین لەو هەموو ڕاپەڕینانەی لە ژماردن نایەن، لە هەموو کوردستاندا دەکرێ بە جەژنی (نەورۆز)، واتە ڕۆژی نوێ، گەورەترین ڕۆژی جەژنی نەتەوایەتی.

ئەم جەژنانە خۆشتر دەبوون ئەگەر کوردەکان لەباتیی یادکردنەوەی ڕاپەڕینی خوێناوی، جەژنیان بە یادی جنۆکەی لە ئەوین بێبەش و، بێگومان، کیژە ناسك و دڵبەرەکانیشیان بگێڕایە. بەڵام ئەو ئەفسانە خۆشە هیچ مێژوویەکی نییە و سەرەڕای ئەوەیش پێویستی با بڵێین بە [Corpus delicti.. بەڵگەی بەرچاو] هەیە. هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نییە. لەوەیە هەبووبێت، هەزار، هەزار و دووسەد ساڵێ لەمەوپێش، ئەو دەمەی کورد دینی مەسیحییان وەرگرت و هەرکێیەکیش بە شاخەکانی کوردستاندا گەڕابا دەیتوانی چاو ببڕێتە نێو چاوی ژنە جوان و جحێڵەکان. تەنیا ژنی کۆچەر ڕووی خۆیان بە پەچە داناپۆشن... دەی چۆن دەتوانی ئەسپێك زین بکەیت یا ڕەشماڵێك هەڵبدەیت ئەگەر پەچەت کردبێت؟! بەڵام لەنێو ئەو کوردانەدا کە نیشتەجێن، ڕێوشوێنی وردی ئیسلام وا پێویست دەکات هەموو ساڵێك ئەو کچانەی دەگەنە تەمەنی چواردە ساڵان، بکرێن بە ژێر عەبا (باڵاپۆش)ەوە، کە پارچەیەکی ڕەشە، لە تەوقی سەرەوە تا پاژنەی پێیان دادەپۆشێت. ئەمە ئیتر بڕانەوەی جوانی و بڕانەوەی بەڵگەی لەبەرچاوە. لە خزمی نزیك و هاوڕێی گیانی بە گیانی بەولاوە کەسی دیکە چاوی بە دەموچاوی ژنەکورد ناکەوێ. بەڵام ئەفسانەی شۆخی و جوانییان هەر بەردەوامە. لەوەیە بەڵگە لە سەری گەرمی لاوانی کورددا دەست بکەوێ، کە زۆریان حەز لەوەیە هەر کە هەلیان بۆ هەڵبکەوێت، دەست بدەنە تفەنگ و ڕوو بکەنە چیا. گەلێ جار سام و پیرۆزیی پاڵەوانیان بە لاوە لە ژیان خۆی پێ گرنگترە. زوو هەڵدەچن و زۆریش خۆشباوەڕن.

کورد باوەڕیان تەنانەت بەو تورکانەیش کرد کە لە کاتی شکان و بەزیندا، لە ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە سێڤر [Sévres] ساڵی ١٩٢٠، بەڵێنیان ئیمزا کرد کە سەربەخۆیی بۆ کورد دەستەبەر بکرێت، بەڵام بەڵێنی خۆیانیان بە جێ نەهێنا. لە باتیی ئەوە بە سەرسووڕمانەوە دەیانپرسی: ″″بۆچی؟″″، ″″بۆ کێ؟″″، ″″ئەوە هەڵەیە، لە تورکیادا کورد نییە.″″

سەمەرە ئەمەیە ئەگەر تۆ لە ئینسایکلۆپێدیایەکی تورکیدا تەماشای وشەی ″″کورد″″ بکەیت، دەبینی لەبارەیەوە نووسراوە: ″″کورد، تورکی چیایین کە زمانی زگماکی خۆیانیان لە بیر چووەتەوە.″″

بەپێی نامیلکەیەك کە نەتەوەپەرستانی کورد ساڵی ١٩٣٩ بڵاویان کردووەتەوە، لە تورکیا ١٧٠٠٠٠ کورد، پیاو و ژن و زارۆك، لە ناو بران. ئەمانە بەتالیۆنەکانی لەشکری تورك، کە پاش ڕاپەڕینێك، بۆ تۆڵەسەندنەوە هەڵمەتیان بردبوو، کوشتیانن.

چەوساندنەوە و زۆرلێکردنی کورد هەر بەردەوامە، چونکە هەر ٤٠٠٠٠ کەس، تاکە خوێندنگەیەکی سەرەتاییان بەر دەکەوێت، ئەو دانەیەیش بە تورکی. هەر ٢٠٠٠٠٠ کەس تاکە یەك جێگەیان لە نەخۆشخانە دەست دەکەوێ، شەش ملیۆن کوردی تورکیا ڕێگەی ئەوەیان نادەنێ هەر بڵێن کوردین... کەس نییە بزانێ بە ڕاستی کوردی ئەوێ چەندن. ژماردنی گەلی

کورد لە تورکیا خەونە، هیوای نەوەیەکە بە تەواوی، دروشمی ئاگرینی ڕاپەڕینە.

کاتێ کە پێش شەڕی یەکەمی گێتیگر، سوڵتانەکانی تورکیا فەرمانڕەوای هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوون، کورد لە بەندیخانەیەکی هاوبەشدا دەژیان. کە پیاوە نەخۆشەکەی بۆسپێر بە بێهێزی مرد و ئیمپراتۆرییە پیرەکەی پارچە پارچە بوو، هەر بەشێکی نەتەوەی کورد لە پارچەیەکدا گیرسایەوە. ئەمڕۆ سێ میلیۆن لە ئێران دەژین، میلیۆن و نیوێك لە عیراق و هێندێکیش لە سووریا.

بێ ئەوەی پرسێ بە کورد بکرێت و بە پێچەوانەی پرۆتێستی بێهومێدانەیانەوە، سنووری چوار وڵات کوردستانی دابەش کرد. کورد، بە ناچاری، پەنایان بردەوە بەر ئاشنای دێرینەی خۆیان: ڕاپەڕین و ... ئەفسانە.

کۆنەئەفسانەی پاڵەوانان بۆ ڕاپەڕینی بێهیوا، خورتی و هێزی دەدانێ و پاش دۆڕاندنی شەڕ، لە ئەفسانەی تازەدا بۆ دڵخۆشی و هیوا دەگەڕان. وێنەیەکی بچکۆلەی شێخ مەحموود، سەرکردەی دوو ڕاپەڕین لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، لە هەموو ماڵەکوردێکدا دەبینرێ. ئەگەر بە دیوارەکەوە هەڵنەواسرابوو، ئەوا، بێگومان، لەنێو بوخچە و خشڵی خێزانەکەدا دەدۆزرێتەوە. شەوانی دوورودرێژی زستانان، ئەفسانە لە دەوروبەری وێنەکان لە دایك دەبن و گەشە دەکەن، هەموویش هەر لەبارەی پاڵەوانێتیی کوردانەوەن.

ساڵی ١٩٤٥ مردنی نوێ، پاڵەوانی نوێ، وێنەی نوێ بە دیوارەکانەوە و ئەفسانەی نوێ لەمەڕ ئازاکان، لە هەموو کوردستاندا پەیدا بوون و پتر بوون. کۆماری مەهاباد، یەکەمین دەوڵەتی کورد لە پاش چوارسەد ساڵ، ماوەی هەشت مانگ ژیا. قازی محەمەدی سەرۆککۆمار لەلایەن دادگەیەکی لەشکری فارسەوە درایە دەستی پیاوکوژانەوە بۆ لەسێدارەدانی.

لە کوردستاندا دەنگی وا هەن کە دەخوازن گرێکوێرەی هومێد و بێهومێدی ببڕن. ئەوانە دەڵێن: ""بێدەنگ بن و کار بکەن. کوردستان تازە خۆی لە خۆیەوە لە دایك دەبێ. ئەوەتا ئێمە هەر لە ئێستاوە بەنداوی دۆکانمان هەیە. تەنێ دەوڵەتانی گەورە و بەهێز لە جیهاندا شتی وایان هەیە. ئێمەیش یەکێکین لەوانە.""

کورد دەیانەوێ کار بکەن. نایانەوێ بێدەنگ بن. دەزانن بەنداوی دۆکان ڕووبارەکەی دەستەمۆ کردووە و یەك میلیۆن و چوارسەدهەزار گاڵۆن ئاوی ڕاگرتووە و دەیشزانن کە وزەی بەنداوەکە، کاتێ لە دەرگەی ژێرینەوە بازرەقە دەبەستێ و هاڕەی دێ، گیزەرێك بە بەرزیی ٢٣٥ پێ بە ئاسماندا فڕێ دەدات. لە هیچ کوێیەك وێستگەی هێزی ئەلەکتریك بەرچاو ناکەوێ. بەڵام لە ""دبس"" کە وێستگەیەکی هێزی ئەلەکتریکی لێیە، بەنداوی ئاو نییە. لەژێر یەکێ لە چوار مەنجەڵی کوڵاندنەکەدا، بۆ هەڵگیرساندنی ئاگر، نەوت بە کار دەهێنن. دەکرا ئەلەکتریك هەبێت، بەڵام کەس بە کاری ناهێنێ. لە چیاکان خەڵکی جۆرە مەشخەڵێك بە کار دەهێنن کە لە داری سنۆبەر دروستی دەکەن، هەر وەکو زەمانی کاوەی ئاسنگەر، یانیش چرای نەوت (فانۆز) بە کار دەهێنن. ماڵە دەوڵەمەندەکانیش چرای پارافین (لۆکس)یان هەیە.

لێرە فێنککەرەوە (ئەیەرکۆندیشنەر)ی خۆماڵیی وا هەن، بە گوێرەی ڕێوشوێنێ کار دەکەن، کە گەلێ گەلێ لە پێش ئەوەدا یەکەم گڵۆپی ئەدیسۆن لە تاریکیدا بدرەوشێتەوە دامەزراون. لە سەربانی ماڵانی گوندەکانی چیا و لە بازاڕی شاری بە ئەلەکتریك ڕووناکی سلێمانییش چینێ خۆڵ، کە پێ و نیوێك ئەستوورە، چاك و سفت بە باگردێنی لە بەرد دروستکراو پەستێنراوەتەوە. باران بەسەریا دادەبارێ و چۆلەکەیش تۆوی گیای بەسەردا بەر دەدەنەوە.

لە مانگە گەرمەکانی هاوینیشدا ژوورەوە فێنك و سێبەرە و سەربانیش سەوز. مافووری گیا و چینە خۆڵەکە تەنانەت

گەرمترین تیشکی ڕۆژیش دەگرنەوە. بەڵام بە زستانان کە سەربانەکان دەڕووتێنەوە، ئەم چینە خۆڵە دەبێتە کۆگای تیشکە چاوچنۆکەکانی هەتاو. فێنککەرەوەی کورد، سەربانێکی گڵین بۆ خەڵکەکە و ئەشکەوتیش بۆ مێگەلی کۆچەرەکان، چ لە چیاکان و چ لە داوێنی گۆڕستانەکەی سلێمانی.

ئەو پێشکەوتنەی بەنداوی مۆدێرنی دۆکان هێنایە گۆڕێ، کار ناکاتە سەر زۆربەی کورد. ئەوە تەنێ ئەفسانەیەکە لە دەمکاتی ڕانەبوردوودا.

ئەفسانەیەکی دیکە لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا لە داوێنی ئارارات و تا دەگاتە وڵاتی فارس، بڵاو بووەتەوە، ئەمەیش دیسان ئەفسانەیەکە لە دەمکاتی ڕانەبوردوودا. بەڵام کاتێ کە دەیگێڕنەوە، کوڕانی لاو دەست نادەنە تفەنگ و تاسەی ڕەوتاری پاڵەوانانە نایانوروژێنێ، پیاوە پیرەکانیش بە شڵەژانەوە سەریان وەردەچەرخێنن و دەڕواننە قانچە و قوژبنان. ڕاستییەکەی لە کوردستاندا هەموو ئەوانەی کە خوێندن و نووسین نازانن هەست بە شڵەژان دەکەن. لە فەرهەنگی دێرینەی کورداندا پتر لە پێویست خەڵکی لەم بابەتە هەن. ئەو ئەفسانەیە چل ساڵ لەمەوبەر دەستی پێ کرد. دواییهاتن و بڕانەوەکەیشی کاتێ دەبێ کە نەجمەدین مەلای چیرۆکبێژ و مامۆستای گەل ڕۆژانی خۆی لە سلێمانی کۆتایی پێ دەهێنێت.

ئێوارەیەکی سەهۆڵبەندان بوو، سەرما دەخزایە نێو ئێسکی مرۆڤ، کە خۆمانمان لە بەردەم زنجێکی نزمدا، لە گەڕەکێکی کۆنی سلێمانیدا بینییەوە. پیاو بێ ئەوەی لەسەر نووکی پێیشی ڕاوەستێت، دەستی هەر دەگەیشتە سەربانە گڵینەکە. دیوارە تەختەکان هەڵمی بەسالاچوون و تیشکی کز و لاوازی هەتاوی نیوەڕۆیان لێ هەڵدەستا. لەپشت شووشەی دەلاقەکانەوە ڕووناکییەك دەبینرا، بەڵام گەرد و تۆزی کەڵەکەبووی چەند ساڵە نەیدەهێشت ناوەوە ببینیت. لە ژوورەکەوە دەنگی نزمی مامۆستای هەرە ناودار دەهات، کۆمەڵێ پیاویش بە دەنگێکی سەیر و منداڵانە و ئارامڵێبڕاو بۆیان دەسەندەوە. دەمانویست پێش ئەوەی بچینە نێو خوێندنگەی بەناوبانگی کوردستان، خوێندنگەی کەشتیی نووح، چێژی تەواو لەو ساتی وەجۆشهێنی چاوەڕوانییە وەربگرین...

پاشان بە دەسکە ئاسنینەکە، بە دەرکوتەکە، لە دەرگەمان دا، لەپشت تەختەقاپییە زاربچڕاوەکانەوە پەردەیەکی فشوفۆڵ لا درا و لە ناکاو بێدەنگی خەڵکەکەی ژوورەوەی داگرتەوە. ئێمە چووینە ژوورێ. ڕاستییەکەی خزاینە ژوورەوە. زۆر بە زەحمەت هەڵکشاین. بەسەر کۆمەڵێ شتی سەیروسەمەرە و بەبیردانەهاتووی تێکەڵ و پێکەڵ؛ کورسیی دارین و سنووق و ڕەف و مێزی بچووك و لەنێوان پشت و چۆکی ئەو پیاوانەی هەر یەکە لە لایەکەوە، لە هەر کوێیەك جێگەیان بەر کەوتبێت، لێی دانیشتبوون. چاوەڕێیان دەکردین. ئەمانە هاوسێ و هاوڕێ و دڵسۆز و هاودەرد بوون. خوێندکاری ئەو پیاوە بوون کە ئێمە بەو ئێوارەیە هاتبووینە سەردانی.

پیرەپیاوێکی بەژن ناوەندی، چاکەتێکی فشوفۆڵ و دەڵپودۆبی لە بەردا بوو، کلێتەیەکی خوریی لە سەر کردبوو، ڕیشی نەتاشراوی حەفتەیەکی پێوە بوو، تەباشیرەکەی خستەوە ناو ئەو پاکەتەی لەسەر کۆمەڵێ کتێب و دەفتەر دانرابوو، دەستی بە چاکەتەکەی پاك کردەوە و هات بەخێرهاتنمان لێ بکات... ڕاستییەکەی ویستی دڕ بەو هەموو خەڵك و شتانە بدات، کە ئێمە لەنێویاندا ڕاوەستابووین و بەرەو لای ئێمە بێت. ئەمە نەجمەدین مەلا بوو، مامۆستای بەناوبانگ و چیرۆك و داستانبێژ، ئەو پیاوەی هۆش و بیری نەتەوایەتیی کوردان دەژیێنێتەوە. ئەو پیاوەی ژیانی تایبەتی خۆی بەشاندەوە و کردی بە شەشهەزار و پێنجسەد پارچەوە و دای بە هەرکەسێ دەستی بۆ ڕاگرت. هێشتایش بۆ بەخشینەوە زۆر زۆرتری پێیە. بەڕاستی لە جاران گەلێ زۆرتر.

چل ساڵ لەمەوپێش نەجمەدین مەلا دەستی بەوە کرد خەڵکی نەخوێندەواری هەرزەکار فێری خوێندنەوە و نووسین بکات. لە ماوەی چەند ساڵێکدا، ناوبانگی خوێندنگەکەی، کە مەلا ناوێکی سەیری لێ نابوو، ""خوێندنگەی کەشتیی نووح،"" بە هەموو کوردستاندا بڵاو بووەوە.

بۆچی کەشتیی نووح؟ نەجمەدین مەلا ئاوای بۆ ڕوون کردینەوە: ""بۆ ئێمەی موسڵمانیش، کەشتییەکەی نووح هەمیشە نیشانەی پاراستن و نیشانەی ژیانێکی نوێ بووە... ئەو ژیانەی چەند سەد ساڵێکە شەڕی بۆ دەکەین. لە سەردەمی داگیرکردنی تورکدا کە نەخوێندەواری ١٠٠٪ بوو، ئەمە نیشانەیەکی ڕوون و ئاشکرا بوو. ڕاستییەکەی کەس نازانێ نووحی پیر لە کوێوە دەستی پێ کرد. بەڵام ئەگەر لە جێگەیەك لەنگەری گرتبێت، ئەوا لە چیای ئارارات لەنگەری گرت. ئەمەیش چیایەی کوردە، وا نییە؟""

مەلا، کاتێ کە ژنی هێنابوو سی ساڵان بوو، زۆریش گەورەتر نەبوو کە ژنە گەنجەکەی لە دەستی هەڵهات. مەلا ئەوینێکی گەورەتری هەبوو: خوێندنگەکەی. هێندە سەرقاڵی قوتابییەکانی بوو کە ژنەکەی خۆیی لە بیر چووبووەوە. کاتێکیش کە بیری کەوتەوە، هۆیەکی بە دەستەوە نەمابوو دەردی لەدەستچوونی خۆشەویستەکەی پێ دەرمان بکات. نەجمەدین مەلا هیچی نەبوو. ڕۆژێ لە ڕۆژانیش لەباتیی دەرسوتنەوەکەی داوای بەراتێکی نەکردبوو. هەرچیشی هەبوو خەرجی کرد و پاشان بەوە دەژیا کە خەڵکی دەیاندایێ. لەبەر ئەوەی شاگردەکانیش لە نەجمەدین مەلا خۆی دەوڵەمەندتر نەبوون، دەستی کرد بە کۆکردنەوە و نووسینی حەکایەتی کوردی و داستان و مەتەڵ بۆ ڕۆژنامەکان. بە لای کەمەوە حەفتەی یەکێك. ئەم کارە ئەوەی بۆ دەستەبەر دەکرد کە لە برساندا نەمرێت.

یەکێك پیاڵەچای گەرمی دا بە دەستمانەوە و لە کاتێکدا نەجمەدین مەلا حەرفی عەرەبیی زل زلی لەسەر تەختەڕەشەکە دەنووسی و ئەلفوبێی بە شاگردە گەورەکان دەگوت، ئێمە دیمەنی چلەمینی درامای ئەفسانەیی و نادیاری کەشتیی نووحەکەیمان دەبینی. تاکە ژوورێك کە لە ١٧ × ٢٣م گەورەتر نەبوو، سەربانێکی خوڵین بەسەر چوارچێوەیەکی دارینەوە کە خرابووە سەر دوو کۆڵەکەی چەپوڕاست. لەژێر بنمیچەکەوە گەلێ شتی سەیروسەمەرە شۆڕ دەبوونەوە؛ تەتکە و لەرزانە، وێنە، زریقوباقی کریسمەس، زنجیرەی پارچە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی درێژکۆڵە، پاشماوەی چوارچێوەی کارتۆنی چرا، زەنگێکی پێنج چین، کچە هۆڵاندییەکی لە کارتۆن دروستکراوی قاپقاپلەپێ، یەك ڕیزە گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگی لەکارکەوتوو.

لە سووچەکەی نێزیکی ئێمە، بە تەنیشت تەختی نووستنەکەوە، هەڵم لە دەفرێکی بچووك، کە بەسەر سۆبەیەکی عەلادینەوە بوو، هەڵدەستا. لەسەر جێگەی نووستنەکەی مەلا کە لە تەختەداری زبر دروست کرابوو، دوو پشیلە، بێ ئەوەی هیچ خۆیان تێبگەیێنن، چرنووکیان لە پاڵتۆ عەسکەرییە کونکونەکەی مەلا دەگرت.

لە سووچەکەی دیکەوە دوو تەختەی ڕەش لەسەر دوو سێپا دانربوون. لەو شوێنانەدا کە ڕەنگە ڕەشەکە قڵەشابوو، تەختە ڕووتەکە بە دەرەوە بوو. سووچی سێیەم میوانەکانی مەلای لێ ڕاوەستابوون کە چاوەڕوانی ئەوە بوون مەلا لە دەرسوتنەوە ببێتەوە. لە سووچی چوارەمیش، بەرانبەر تەختەڕەشەکە، تەختەیەکی ڕێکوپێکی خوێندنگە دانرابوو، شەش شاگردی تازە سەریان بەسەر سێ کتێبی پۆلی یەکەمدا شۆڕ کردبووەوە. تەنێ یەك شاگرد هەبوو کە مناڵکار بوو، مووی لێ نەهاتبوو. چەناگەی ئەوانی دیکە هەموو جێگوێزانی پێوە دیار بوو.

دەکرێ هەموو شوێنێکی نێوان دیوارەکان، نێوان بنمیچە نزمەکە و زەوییە ڕەقەکە بە تاکە وشەیەك باس بکرێ: گەڕەلاوژە. هەر دەتگوت بازاڕی کۆنەفرۆشەکەی پاریسە. کۆڵێ ڕۆژنامەی کۆن و کتێب و دەفتەر، باوەڵێکی سەفەری و سەبەتەیەکی پڕ

لە هێلکە، دوو دارعاسا کە شێخ مەحموود لە پاش خۆی بە جێی هێشتوون، مەسینەیەك و سەرکێ کاهوو، قوتوویەك هێندێ تەباشیری تێدایە، ڕاستەیەك و هێندێ گوێزانی ژەنگگرتوو، شووشەمەرەکەبی پڕ و چۆڵ، چرایەکی لۆکسی بنشکاو، پاکەتێ نووکەقەڵەمی کۆن و قوتوویەکی پڕ لە قەڵەمەکۆن، پارچە سفەنجێك و زەڕەبینێکی گەورە و چەند پانتۆڵێکی کونکون، تاکە سۆڵێك کە خرابووە سەر کۆمەڵێ کاغەز بۆ ئەوەی با نەیانبات، هەندێ پەرگاڵی دارین، سوکانە پاسکیلێکی ژەنگاوی، هێندێ ڕۆژژمێری کۆن، کە دیارە کاتی خۆی، بیست ساڵێك لەمەوبەر، بۆ پڕۆپاگندە بڵاو کراوەتەوە، پۆستاڵی زستانەی عەسکەری و کۆڵێ پاکەتی نامە و کاغەز و سنووق. سەرەڕای ئەم هەموو شتومەك و بابەتی دەرسوتنەوەیە، کە هەژارییەکەی مەلا ڕێگەی نەدەدا فڕێیان بدات، وێنەیەکی جوانترین کچەعەرەبیش هەڵواسرابوو. وا بزانم هەروا بە ڕێککەوتیش بوو کە لە بەردەمیدا، لە بەردەمی وێنەی کچەکەدا، لەسەر کۆڵێ کتێب، گوڵدانێکی شکاو دانرابوو، چەپکێ گوڵی پاراوی مێرگی تێدا بوو. لەوەیە گوڵەکانی ژێر وێنەکە نیشاندەری نهێنیی ژیانی نەجمەدین مەلا بن... بەڵام هەرچییەك لەپشت ئەو هەبوونە ڕەبەن و خواپەرستشێوەوە بێت، نەجمەدین مەلا زۆر لەوە دوورە کە کابرایەکی دڵگەرمی سۆفیمەشرەب و خەونبین و خەمبار بێت. کە تاوێ لەمەوپێش پێنج تیپی یەکەمی ئەلفوبێی ڕوون دەکردەوە، بە ڕێکوپێکی ئاگای لە گوتنی هەریەك لە خوێندکارەکانی بوو و، خۆی لەگەڵ خەریك دەکردن. پێویست بە نمرەدانان نەبوو، ئەوان ئەمەیان هەر لە دەموچاوی مەلادا دەخوێندەوە.

دەرسی خوێندنەوە تەواو بوو، هەنیەی بە سەرقۆڵەکانی سڕی و زەردەخەنەیەکی فێڵبازانە لەملا و لەولای چاویدا بە دی دەکرا:

""ئێوە دەبووایە لەسەر ئەو تەختەیە دانیشتنایە... جێگەی ئێوە ئەوێیە. ئێوە نە خوێندنەوە و نە نووسین و... بگرە نە قسەکردنیش بە زمانی کوردیی ئێمە نازانن."" کە هەرا و دەنگەدەنگی پێکەنینەکە دامرکایەوە، هەرچۆنێ بوو هەلێکی قسەکردنمان وە گیر کەوت:

""بەڵام ئێمە تەنانەت نایشزانین خوێندکارانی هاوپلەمان کێن؟"" خوێندکارانی پلەی سەرەتا، پیاوی سمێڵقیت، یەك بە دوای یەکدا لە جێگەکانیانەوە هەستانە سەر پێ و بە ترسەوە خۆیانیان پێشکەش کرد:

عەبدوڵا ڕەشید، ٢٢ ساڵ، بەردکێش.

محەمەد ڕەشید ئەحمەد، ٢٣ ساڵ، شۆفێر. لەگەڵ عەولای برایدا، وێکڕا هاتبوون.

ڕەئووف مەحموود، ٢٢ ساڵ، بەننا.

یووسف فەتاح، دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو، کە بە دەم تەتەڵەی زمانەوە، ناوی خۆی گوت. شاگردی بەننا بوو. بەڵام برابچکۆلەی پۆلەکە بوو. هێشتایش مووی لێ نەهاتبوو، تیغی لە ڕوومەتی نەدابوو. گۆناکانی دەتگوت سێوەلاسوورەن. خوێندکارەکەی تەنیشتی عوسمان ئەمین، لە هەمووان گەورەتر بوو، ٢٨ ساڵان بوو. نیوەی تەمەنی شاگردی سەوزەفرۆش بووە.

دوایین کەس کە هەستا، عەبدولڕەحمان موستەفای ٢٤ ساڵە بوو، کە یارمەتیدەری زێڕنگەر بوو.

شەش پیاو بوون، چنگیان لە شتێ گیر کردبوو کە ژیان، بە منداڵی، بە بەشی نەبڕیبوون. لەم کاتەدا دوا شەش کەس بوون، چونکە لە ماوەی ئەم چل ساڵەی ڕابوردوودا، شەشهەزار و پێنجسەد کەسی دیکە، لە پێش ئەماندا، لەسەر ئەو تەختە شکاوەی جیرەجیرەی لێوە دەهات، دانیشتبوون. شەشهەزار و پێنجسەد کەسی گەورە، کە نەجمەدین مەلا فێری کردبوون چۆن

بخوێننەوە و بنووسن و چۆن وردەکاریی ژماردن ئەنجام بدەن و هەروەهایش چۆن مێژووی کۆنی کورد لە ئەفسانەی کوتومت هەڵاوێرن. بۆ چاکە، گەل خەڵاتی کردبوو، تاجی لەسەر نابوو... تاجی ئەفسانەیەك لە سەردەمی ئێستادا.

لە کوردستان ئەفسانەیەکی دیکەیش هەیە، کە ئەفسانەکانی دیکە لە سێبەری ئەودا هەموو ڕەنگ لە ڕوویاندا نامێنێ. ئەو ئەفسانەیە بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەتەوە و هەموو کەسێکی گرتووەتەوە. خوێنی گەرمی لاوان دێنێتە جۆش، مێشکی ئەوانەی خەریکی فێربوونی ژمارەن شەکەت و ماندوو دەکات و خەیاڵی پیرەمێرد و دنیادیتووەکان وە بەر قامچی دەدات.

زەنگێکی زێڕین لێ دەدات و وەك چراوگی سوور، شەوانە، بەسەر هەرسێ گۆشەی کوردستاندا دەدرەوشێتەوە و هەر نەبێ مزگێنیی سەرکەوتن دەداتە ئاسمانی شینی گۆشەی چوارەم. کۆڵەکە و پاڵەوانەی هەموو خەونەکانی کوردستانی گەورە و دەوڵەمەندە و سەردێڕی نەنووسراوی هەموو ڕاپەڕینەکانی کورد لە پەنجا ساڵی دواییدایە. ئەفسانەیەکە هەموو بەندوباوی سەردەم و بیرەوەریی لە کوردستاندا پساندووە. لە سەردەمێکەوە تا سەردەمێکی دیکە هەر دەمێنێ.

لە سەردەمێکی نادیاری داهاتوودا، سەردەمێك کە کورد بە تاسەوەن لە قووڵاییی سەدەکانەوە دەریبهێنن، بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا، لە مانگەکانی داهاتوودا -- ئاخ، خۆزگە هەر چەند ڕۆژێك دەبوو -- بێتە دی. لە سەردەمێکی نادیاری داهاتوودا، لە ئەفسانەی ئەفسانەکانی کورد شێوەی بارانی پەڵەی ساڵی هات و خۆشی و هەرزانی دەگرێتە خۆی. لەنێو ڕاستیی ئەم سەدەیەدا نیشانەی چەوتییەکە هاواری دەگاتە ئاسمان.

لە سەردەمێکی کۆنی ڕابوردوودا، ئەمە تەنێ ئەفسانە نەبوو، بەڵکە هەر ئینجیلی پیرۆز خۆی بوو.

""ئەگەر ئەم سێ پیاوە، شەدرەش و مەشەش و ئابید- نیگۆ، بە دەستی بەستراوەوە، کەوتنە نێو تەنووری ئاگرینی گڕگرتووەوە. ئەوجا ""نەبووخەدنەززەر پاشا واقی وڕ ما و بە پەلە هەستایە سەر پێ، دەستی بە ئاخاوتن کرد و بە ڕاوێژکارانی گوت:

- ئەرێ ئێمە سێ پیاوی باڵبەستراومان نەخستە نێو ئاگرەکەوە؟ وەرامیان دایەوە و بە پاشایان گوت، ڕاستە پاشا! ئەویش وەرامی دانەوە و گوتی: ""چاوتان لێ بێ، من چوار پیاوی بەرەڵا دەبینم، لەنێو ئاگرەکەدا ڕێ دەکەن و هیچ ئازارێکیان پێ نەگەیشتووە، شێوەی چوارەمیان لە کوڕی خودا دەچێت.""

ئەرێ، هەر بە ڕاستی، لەسەر خاکی کوردستان و لە نێزیکی کەرکووك، ئەو جێگە پیرۆزەی ئینجیلە، کە نەبووخەدنەززەر پاشا [نەبوو- کودوری- نوسور- ی دووەم]، سێ لاوە ئایینپەروەرەکەی، شەدرەش و مەشەش و ئابید- نیگۆی خستە نێو تەنووری ئاگراوی و گڕگرتووەوە، بە بەرچاوی کوڕانی خوداوە کە بە دەستی بابلییەکان ئاوارە و دەربەدەر کرابوون.

نەبووخەدنەززەر پاشا زۆر دەمێکە ئەم ژیانەی بە جێ هێشتووە. ئیمپراتۆریی بابیل چەند سەدە لەمەوپێش ڕووخا و جوولەکەش، ئاوارەی ئەم جیهانە، بەڵێن و چارەنووسی خۆیانیان هێناوەتە جێ. بەڵام باباگوڕگوڕ، بڵێسەی پیرەپیاوی کورد، زمانی شینی خۆی، لە بن تاشەبەردێکی داوێنی چیاکانی کوردستانەوە، لە جیهان دەردێنێت. چیی دی ئایینپەروەر و خواپەرستانی لاوی تێ فڕێ نادرێن. بەڵام پیرەژنانی کورد، ناولەپ دەخوێننەوە و ئەو وەرامە بە دایکانی لاو دەبێژن، کە هیچ دایکێکی ئەم جیهانە نایەوێ نۆ مانگ چاوەڕوانی بێت: کوڕی دەبێت یا کچ؟

بەڵام بۆ پیاوانی کوردستان، باباگوڕگوڕ بڵێسەی هەمیشەیی گازی ژێر زەوی (وێڕای ئەوەیش لوولەنەوتی زیوین، حەوزە نەوتەکان، وێستگەی پەمپکردنەکە و ئەو چرایەی بە درێژاییی شەو، بەسەر شاری کەرکووکدا دەدرەوشێتەوە). هەموو وە

بیریان دێتەوە کە لەژێر زەویی سەرتاسەر ولاتەکەیاندا کۆڵێکی هەراو و پانوپۆڕی زێڕی ڕەش شەپۆل دەدات و پەل دەهاوێژێ. ساڵی ۱۹۵۹ پاپۆرە تانکەرەکانی سەر زەریای نێوەڕاست نزیکەی چل میلیۆن تۆن نەوتی عێراقیان گواستەوە. کۆمپانیای پێترۆلی عێراق لەو ساڵەدا (۱۷۳۰۰۰۰۰۰) پۆندی ستەرلینگی بە قازانجی پەتی دا بە شەریکە بەشەکانیان، نیوەی بۆ میریی عێراق و نیوەکەی دیکەیشی بۆ چوار شەریکە بەشەکەی کە کۆمپانیاکەیان لێ پێك هاتووە، ئەوروپا و ولاتە یەکگرتووەکان. ئەمە هەموو لە تاکە ساڵێکدا.

پێترۆلی عێراقی کە بە لوولەنەوتەکاندا لە کەرکووکەوە دەگەیشتە کەنارەکانی ڕۆژهەلاتی زەریای سپی، ساڵی ۱۹٦۰ لە ۳۰۰ میلیۆن تۆن پتر بوو. ئەمە پێی دەڵێن نەوتی عێراق.

گەورەترین پالاوگەی نەوتی گێتی لە (عەبادان) بە کەنداوی فارسدا میلیۆنان تۆن بەر و بەرهەمی نەوت بە جیهاندا دەبەشێتەوە و لەسەر هەموویشی دەنووسرێ ""ئێرانی."" کۆمپانیاکانی نەوت لە بەشی ڕۆژهەلاتی تورکیایش لوولەنەوتیان دامەزراندووە. تەنێ توێژی نەوتداری جەزیرە، لە باکووری سووریا، هێشتا چاوەڕێی دەستی مرۆڤە کە دەریبهێنێت. ڕەنگە پێویست بەوەیش نەکات بڵێین ئەو مرۆڤە نابێ کورد بێت.

چوار ناوچە، لە چوار ولاتدا ئەو سامانە ئەفسانەییەیان شاردووەتەوە کە تەنانەت هیچ جیۆلۆجێکیش ناوێرێ بە مەزەنەیش بڵێ چەندە. بەلام بەسەر ئەو چوار ئۆقیانووسە نەوتەی ژێرزەوییەوە، هەوارگە و مەڵبەندی خەڵکێکی لێیە کە جاربەجار دەتوانن هەستی خۆیان بە عەرەبی یا فارسی یا تورکی دەرببڕن، بەلام تاکە زمانی زگماکی هاوبەشیان زمانی کوردییە. جار لە دوای جار کە کورد ڕاپەڕیون دژی ئەوانەی توند توند دەستیان ناوەتە بینی لوولەنەوتەکان، هەر بەسەریاندا کێشاون. ئەوانە هێز و سامان و ڕێککەوتننامەی دەوڵەتییان بە دەستەوەیە، تەنیا لەبەر ئەوەی زەوی هەڵدەکەنن و بۆ نەوت دەگەڕێن. کوردان هیچیان نییە، لە چاونەترسییەکی بێهومێدانە بەولاوە، ئەمەیش ئەنجامی هەستکردنە بەوەی کە خراپەیەکی زۆریان لەگەڵ کراوە. هیچیان نییە مەگەر تاسە و خەون و خەیاڵی ولاتێکی دەوڵەمەند و بەختیار، ئەفسانەی ئەفسانەکان؛ ئەفسانەیەك لە دەمکاتی داهاتوودا.

کاتێ کە دووری و کات بە ناچاری دەکەوتە نێوان مرۆڤ و هاوڕێ نێزیکەکانیەوە، پیاو حەز دەکات هەر نەبێ شتێکیان لە لا بە جێ بهێڵێت کە هەموو یادگارەکان بپارێزێ: ئاواتی گەرم و دڵسۆزانە. ئەو گەلە جوانەی چیاکانی کوردستان، ئەفسانەکانیان پڕن لە پاڵەوانێتی و هیوا و شیعری ناسك. بەلام دەبێ تەنیا لە خەونەکانیاندا، لە ئاسماندا، وە دوویان بکەون. ژیان دەیەوێ کە پیاو زەوییەکی بتەوی لە ژێرپێدا بێت.

کورد لەپێناوی ولاتی جوانی خۆیاندا، لەپێناوی ئەفسانەکانی و سامانەکەیدا، بە هەزارانیان ژیان بەخشیوە. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە دەست پێ بکەن لە کوردستاندا بژین و بۆ کوردستان بژین.

# میرۆسلاڤ زیکموند و ژیری هانزێلکا

میرۆسلاڤ زیکموند (ساڵی ١٩١٩ لە دایك بووە) و ژیری هانزێلکا (١٩٢٠–٢٠٠٣) لە دوو گەشتی درێژخایێندا ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان گەڕاون. لە گەشتی یەکەمدا، لەنێوان ساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٥٠دا، بە سواریی ئۆتۆمۆبیلێکی تاترا ٨٧، بە هەموو ئافریقا و ئەمەریکای باشوور و ناوەندیدا گەڕاون. گەشتی دووەمیشیان لەنێوان ساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٤دا بوو، بە سواریی دوو ماشێنی تاترا ٨٠٥. لەم گەشتەدا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك، خوارووی ئاسیا، ئیندۆنیسیا و دورگەکانی جاپان و بەشێکی زۆری ئاسیای سەر بە سۆڤیێتی ئەو کاتە گەڕان.

لەم گەشتانەدا، زیکموند و هانزێلکا سەدان ڕیپۆرتاژیان بۆ ڕۆژنامە و ڕادیۆکان نووسی، دەیان نامیلکەی گەشتنامەیان بڵاو کردەوە و چەند فیلمێکیان بەرهەم هێنا و دەیانهەزار وێنەیان گرت، چاویان بە کەسانی ناوداری وڵاتان کەوت؛ سیاسەتمەدار، کەسانی فەرهەنگی یا کۆمەڵایەتی، بەڵام لە پێش هەموو شتێکدا ئەوان دەیانویست سەرنجی ژیانی خەڵکانی ئاسایی بدەن. زۆرجار وا ڕووی داوە، چوونەتە ناوچەی وەها کە خەڵکەکەی پێشتر هیچ کەسێکی بێگانەیان نەبینیبوو. لە ١٩٥٠ و ١٩٦٠ەکاندا دە کتێبی گەشتنامەیان بڵاو کردنەوە، کە لە ڕووی ئەدەبییەوە نرخێکی بەرزیان هەبوو. لەم کتێبانە سەدانهەزار دانە چاپ دەکران. بەرگی یانزدەیەمی ئەم زنجیرە کتێبە، ساڵی ١٩٦٩ ئامادە کرا بۆ چاپ، بەڵام ساڵی ١٩٩٠ بڵاو کرایەوە. ئەو فیلمانەی لەبارەی گەشتی وڵاتانەوە دروستیان کردبوون، لەوانە بوون کە زۆرترین خەڵك لە چیکۆسلۆڤاکیای ئەو سەردەمەدا دەیانبینین. بەشێکی زۆری ئەو بابەت و وێنە و بەڵگانەی لە گەشتی دووەمیاندا بەرهەمیان هێنابوون، هەر لە ئەرشیڤی خۆیاندا مابوونەوە و لە کۆتای ١٩٨٠کاندا بڵاو کرانەوە.


میرۆسلاڤ زیکموند


ژیری هانزێلکا

کە ساڵی ١٩٦٨ سوپاکانی پەیمانی وارشۆ چیکۆسلۆڤاکیایان داگیر کرد، زیکموند و هانزێلکا کەوتنە ژێر گوشارێکی زۆرەوە. برێژنێڤ فەرمانی دابوو ""با زیکموند و هانزێلکا لە برساندا بمرن"". تا ڕووخانی کۆمونیزم لە ساڵی ١٩٨٩دا ڕێگەیان پێ نەدرا هیچ شتێك بڵاو بکەنەوە. کتێب و فیلم و ڕیپۆرتاژەکانیان قەدەغە کران و کتێبەکانیان لە کتێبخانەکان دەرکران و تەنانەت ماشینەکەیان، تاترا ٨٧، کە گەشتی یەکەمیان پێ کردبوو و وەك یادگارێك لە موزەخانەدا دانرابوو، ئەویشیان شاردەوە. خۆیشیان لە زۆر ماف و ئازادیی ژیان بێبەش کران.

بەڵام دوای ساڵی ١٩٨٩ ژیانیان گۆڕا. ساڵی ١٩٩٥ ئەرشیڤی دەوڵەمەندی خۆیان پێشکەش کرد بە موزەخانەی باشووری ڕۆژهەڵاتی مۆراڤیا لە زلین و کرا بە پێشانگایەك بۆ گێڕانەوەی ژیانی زیکموند و هانزێلکا.

ژیری هانزێلکا ساڵی ٢٠٠٣، دوای نەخۆشییەکی درێژخایێن، لە پراگ مرد. زیکموند ئێستا لە زلین دەژی و هێشتایش دەنووسێت و چالاکە.

زیکموند و هانزێلکا لە ساڵی ١٩٣٨دا، دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لە ئەکادیمیای بازرگانیی پراگ خۆیان ناونووس کرد. هەر لەوێیش بۆ یەکەم جار یەکتریان ناسی. ئەنجامی ئەم یەکترناسینە پرۆژەیەکی ڕەنگین و دەوڵەمەند و گرنگ بوو. ئەوان هەر لە سەرەتاوە پرۆژەکەی خۆیانیان ناو نابوو "نەخشەی ٥" (واتە پێنج کیشوەر). ئەم پرۆژەیە بوو بە پرۆژەی هەموو ژیانی ئەو دوو هاوڕێیە. سەرکەوتنی کارەکانیان دەگەڕێتەوە لەلایەکەوە بۆ ناوەڕۆك و بابەتە دەوڵەمەندەکانیان، بەڵام هاوکاتیش بۆ ئامادەکارییەکی ڕێك و ورد و ژیرانە.

گەشتی یەکەمیان، کە بۆ ئافریقا و ئەمەریکا بوو، لە ٢٢ی نیسانی ١٩٤٧دا دەستی پێ کرد و نزیکەی سێ ساڵی خایاند. کاتێك لە سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٥٠دا گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، هەزاران کەس لەسەر شەقامەکانی پراگ پێشوازییان لێ کردن.

پێوەندی و دۆستایەتیی ئەم دوو هاوڕێیە بوو بە پرۆژەیەك کە تا ئەمڕۆیش نرخ و جوانیی خۆی لە دەست نەداوە بەرهەمی گەشتەکانیان ئەو کتێبانەن کە بوون بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ ناسینی گەل و ناوچە و فەرهەنگ و شارستانەتیی جۆراوجۆری دنیا. کتێبی (کوردستان، وڵاتی ڕاپەڕین، داستان و هیوا) یەکێکە لە بەرهەمە ناودار و بەنرخەکانی ئەوان. بەداخەوە من بەتەواوی نازانم زیکموند و هانزێلکا کەی و لە چ هەلومەرجێکدا هاتوونەتە کوردستان. وا پێ دەچێت سەردانەکەی کوردستانیان ساڵی ١٩٦٠ بووبێت. ئەم کتێبە، هێندەی من بزانم، بە زمانانی ئینگلیزی، ئەڵمانی و ڕووسی بڵاو بووەتەوە. من کتێبەکەم لە ئینگلیزییەوە کرد بە کوردی. زۆرم پێ خۆش دەبوو ئەگەر هاوکات لەگەڵ تەرجەمەکردنی کتێبەکەدا دوو کاری دیکەیشم بکردایە:

یەك: چاوم بکەوتایە بە زیکموند کە هێشتایش ماوە و لە زلین دەژی. بە چاوپێکەوتنێکی وەها لە وە بوو کۆمەڵێك زانیاریی بەنرخم لە بارەی خۆی و هاوڕێ کۆچکردووەکەیەوە دەست بکەوتایە. هەروەهایش لەوانە بوو هەندێ بیرەوەری و وێنەی بڵاونەکراوەم دەست بکەوتایە بەڵام لەبەر گەلێ هۆ بۆم نەگونجا بچمە سەردانی. دوو: هەلێکی وام بۆ بڕەخسایە کە هەندێ زانیاری لەبارەی ئەو کەسانەوە وەدەست بهێنم کە نووسەرەکان لە گەشتەکەی کوردستانیاندا چاویان پێیان کەوتووە و وێنەی هەندێ لەوانیان لە کتێبەکەی خۆیاندا بڵاو کردووەتەوە. ئەمەیشیان دیسان لەبەرئەوەی خۆم لە کوردستان ناژیم ڕێك نەکەوت.

وەرگێڕ

هەولێر ٢٠١٣/٤/٤

## LIST OF PLATES

I. Fate
2. Dokan: they tamed a river ...
3. The energy released by J ,500,000 gallons
4. Mats for the nomads: lace-making on a grand scale
5. Hajiji: from spring until winter, thousands of miles to earn a living
6. Death under the sky, but life in the caves below ground
7. Sulaimaniya
8. "I built the Dokan Dam."
9. The road through the Derbendi Khan Gorge: beyond the border of Iran, Kurdistan starts again.
10. Above the Kurdistan ocean of oil
I I. They grew out of the earth, they live on the earth
12. Derbendi Rayat
13. Today below Rawanduz, tomorrow beyond the mountains.
14. Half a century with tents, and under tents
15. Was it different at the time of Marco Polo?
16. Only heels-and in slippers at that!
17. Riddle above the Erbil Crossroads
18. Lest the cap's visor be an obstacle ...
19. Mulla's first-graders in the "School of Noah's Ark"
20. Nejm-el-Deen Mulla, the teacher of 6500 illiterates
21. The hidden face of Kurdistan
22. Ismail Aref: "We don't want 4 Kurdistans, we want one."
23. Kerim Abu Usman no longer carries a gun m the mountains
24. The Bazaar at Sulaimaniya
25. Grain from the chaff-when the winds help
26. Friends
27. Which face? Which thoughts? What future?
28. "I won't let you have it for less!"

## لیستی وێنەکان

١. چارەنووس
٢. دۆکان: ڕووبارێکیان دەستەمۆ کرد
٣. وزە بە گوژمی ١٥٠٠٠٠٠ گالۆن بەر دەدرێتەوە.
٤. قاڵی بۆ کۆچەرەکان: چنین لە قەوارەیەکی گەورەدا
٥. هەجیجی: لە بەهارەوە تا زستان، هەزاران میل دەبڕن تا بژێوێك پەیدا بکەن.
٦. مردن لەژێر ئاسماندا، بەڵام ژیان لە ئەشکەوتەکانی ژێر زەویدا.
٧. سلێمانی
٨. ""من بەنداوی دۆکانم دروست کرد.""
٩. ڕێگاکەی ناو گەلیی دەربەندیخان: لەودیو سنووری ئێرانەوە، دیسان کوردستان دەست پێ دەکاتەوە.
١٠. بەسەر زەریای نەوتی کوردستانەوە
١١. لە خاکەوە دەرچوون و لەسەر خاك دەژین
١٢. دەربەندی ڕایات
١٣. ئەمڕۆ لە خوار ڕەواندز، سبەینێ لەودیوی چیاکان
١٤. نیوسەدە لەگەڵ ڕەشماڵدا و لەژێر ڕەشماڵدا
١٥. ئایا لە سەردەمی مارکۆ پۆلۆدا جیاواز بوو؟ (بە جۆرێکی دیکە بوو؟)
١٦. تەنیا پاژنەیان دیارە، ئەویش لەناو پاپووجدا!
١٧. مەتەڵێك لە چوارڕێیانی هەولێردا
١٨. نەوەك لێواری کڵاوەکە ببێتە کۆسپێك
١٩. شاگردە یەکەمەکانی مەلا لە خوێندنگەی ""کەشتیی نووح""دا
٢٠. نەجمەدین مەلا، مامۆستای ٦٥٠٠ کەسی نەخوێندەوار
٢١. ڕوخسارە شاردراوەکەی کوردستان
٢٢. ئیسماعیل عارف: ""ئێمە چوار کوردستانمان ناوێ، ئێمە یەك کوردستانمان دەوێ.""
٢٣. کەریم ئەبو عوسمان، تازە ئیدی لە چیاکاندا چەك هەڵناگرێت.
٢٤. بازاڕی سلێمانی
٢٥. جیاکردنەوەی دانەوێڵە لە کا، کاتێك با یارمەتی بدات
٢٦. هاوڕێ
٢٧. کام ڕوخسار؟ کام بیروباوەڕانە؟ کام داهاتوو؟
٢٨. ""بە خوا بە کەمتر ناتدەمێ!""